www.kurdistannet.org
19-3-2003 21:58

# ریسواییەکانی ناسیۆنالستی کورد شەپۆل ئەدا!

**عوسمان حاجی مارف**
ghafur@ukomline.co.uk

ناسیۆنالستی کورد وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ومێژووی ململانێی سیاسی لە کوردستاندا بە تەواوی حیزب و رێکخراو رابەراکانیەوە رۆڵ و دەستێکی باڵایان دیوە لە بەر گرتن بە خەباتی جەماوەری و وەلاخستنی دەور و دەخالەتی خەڵکی کوردستان بۆ بەشداریان لە دەسەڵاتی سیاسیدا، ئۆپۆزسیون بوبن یا دەسەڵاتدار لە وەلاخستن و زەوت کردنی ئیرادەی خەڵکی، وەك ئەرکێکی مێژوویی بزوتنەوەی کوردایەتی بە مانای ووشە جێبەجیاّن کردووە، ئایدۆلۆژیای کوردایەتیان لە خەیاڵاتێکی وەها موقەدەسدا فرۆشتوە بە خەڵکی وفریویان داون، گەر لە چرکەیەکدا ملیۆن ئینسان بکەنە قوربانی شەرمزارنابن و جێگای شانازیانە.

لە هەمان کاتیشدا نەك نوێنەری وەلانانی زوڵمی نەتەوایەتی نەبون، بەڵکو هەمیشە مایەی دەردی سەری و سەپاندنی زۆلمی سیاسی و کۆمەلایەتی و پێشێل کردنی ئازادی سیاسی و ماڤ مرۆڤ بون بە سەر دانیشتوانی کوردستانەوە، و بە درندانە رەفتاریان کردووە لە بەرمبەر سەر هەلدانی هەر بزووتنەوەیەکی ئازادی خوازی و یەکسان خوازیدا.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کە وەك دوو زل هێزی بزوتنەوەی کوردایەتی دەرکەوتون و نفوزیان هەبووە، کە لە تەواوی مێژووی ژیانی سیاسی و میلشیایاندا هەرزانترین هێزی کرێ گرتە بون بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە سیاسیەکانی هەر دەولەتێ داواکار بوایە لێیان. خاوەنی مێژوویەکی دێرینی پاشەل کلاون لە سەوداو مامەڵەی سیاسی و یاری کردن بە چارەنوسی خەڵکی کوردستان.

بەدوای جەنگی کەنداوی سالی ١٩٩١و بریاردانی بەردەوامی بە ئابلوقەی ئابووری لەسەر عێراق، بۆ فەرامۆش کردنی مەسەلەی کورد کە ئەو کاتە سەرو سەدایەکی جیهانی وەرگرتبوو، کوردستانی عێراق کرا بە ئۆردوگایەکی گەورە و ناوچەیەکی پارێزراوی ژێر دەسەلاتی رێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان و لە وەزعیەتێکی هەڵواسراودا راگیرا، خەڵکیش خرانە بەردەم چاوەروانی چارەنوسێکی سیاسی نادیارەوە. یەکێتی و پارتی وەك دوو هێزی دڵسۆز و قارەمان بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتی ئەمریکا و دەوڵەتانی ناوچەکە بونە پاسەوانی ئەو ئۆردوگایە، وە بۆ سەرکوتی جەماوەری راپەریوی کوردستان و وەلاّم نەدانەوە بە کێشەی کوردستانی عێراق حکومەتێکی کارتۆنیان دامەزراند، دواتریش بۆ دەوڵەمەتربونی ئەزمونەکەیان کردیانە دوو لەتە حوکمەت، تا هیچ کات گومانی ئەوەیان لێ نەکرێت کە لە کوردستانی ئۆردوگادا خیانەت بە بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتی ئەمریکا و دەوڵەتانی ناوچەکە دەکەن، دەبووا هەموو جارێکیش سوێند بخۆن و دووپاتی کەنەوە پابەندی سەر سەختی یەکپارچەیی عێراقن، قێزیان لە سەربەخۆیی کوردستان دێتەوە، ئامادەش نین یەك بەند لە دەستور و یاسای کۆنەپەرستانەی عێراق بە هیچ جۆری بگۆرن. . ،

بەراستی لێهاتویی و توانایەکی سەر سورهێنەری کۆنەپەرستانەیان نواند لە بەرگرتن بە هاتنە مەیدان و دەوری جەماوەری خەڵکی کوردستان، جەسورانە وێرایان دوانزە ساڵ کوردستانی ئۆردوگا و ئەزمومی حکومەتی کارتۆنیان بپارێزن، کە دەوڵەتی ئەمریکا و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە بە زحمەت لە هەر شوێنکی دنیادا لەم چەشنە هیزانەیان وا هەرزان و گوێ رایەل بۆ پەیدا ئەبێت.

لە وانەش گرنگرتر دوای ئەو دوانزە ساڵەی خزمەتیان بە دەوڵەتی ئەمریکا و دەوڵەتانی ناوچەکە و قەبول کردنی ریسوایی و سوك بونی زیاتریان لە بەردەم خەڵکی ئازادی خوازی کوردستان و جیهاندا ئەوەندە دڵ فراوانن تەنها بە فیدرالی رازی دەبن، گەر ئەوەشیان پێ رەوا نەبینن هەر نارەحەت نابن و هیچ داواکاریەکیان نیە، هونەری ئەمەشیان بەوە هێناوە کە لە ماوەی ١٢ساڵی رابردوودا ئەوەندە لێزانانە سەروەت و سامانی ئەو خەڵکەیان لای خۆیان پێچاوەتەوە کە تاچەندین پشتیان ئەتوان بێ خەم دانیشن و پالی لێدەنەوە.

لە ماوەی ١٢ساڵ دەسەڵاتی میلشیایی یەکێتی و پارتی بەسەر خەڵکی کوردستاندا بە ئارەزوی خۆیان و بەبێ خواست و ویست و ئیرادەی خەڵکی خۆیان بە زۆر چونەتە بەر قاپی دەوڵەتی ئەمەریکا و دەولەتانی ناوچەکە و پاراونەتەوە کە دەولەتی سەربەخۆیان نەویستووە و نایانەوێت، لەم لاشەوە منەت بەسەر خەڵکی کوردستاندا دەکەن کە حکومەتەکەیان نمونەی حکومەتی دیموکراتیە لە ناوچەکەدا، لەگەل ئەوەی هەمیشە پێشێل کەری دەورو ئیرادەی خەلکی بوون، ئیرادەی سیاسی خۆشیان زۆر بۆ مەبەست نەبووە و مل کەچی بەرژەوەندی سیاسی دەولەتانی تربون و خۆیان پیا هەڵواسیون و سیاسەتکانیان بە گوێرەی خواستی ئەوان گونجاندووە.

بزوتنەوەی ناسیۆنالستی کورد لە مێژووی خەباتی سیاسیدا نەیتوانیوە لەم دوو نمونەیەی وەك یەكێتی و پارتی حیزبێکی باشتر و بەهیزتر و سیاسی تر و عاقلتر بەرهەم بهێنێت و لەوەش زیاتری بۆ بەرهەم نایەت، بۆیە سیاسەت مەداران و روناکبیران و رۆشنفکرانی بزووتنەوەی کوردایەتی و هەتا حیزبە کوردیەکانی تر لە ناوچەکەدا بە هەر رەخنە و گلەیی و تورەییەك هەیانە لە یەکێتی و پارتی، کاتێ چارەنوسی شکست و بیێ ئاسویی دەکەوێتە سەر ناوچەوانی بزووتنەوکەیان، بەناچاری پەنا دەبەنەوە بەر رابەرانی ئەو دوو هێزە میلیشیایە و ستایشیان بۆ دەکەن و داوایان لیێ دەکەن رەنج و خەون و ئاواتی پەنجا ساڵەی هێزی کوردایەتیان بە زیادە نەدەن و بە هەر قیمەت هەیە دەسەلاٌتی میلیشیایی خۆیان بپارێزن، چونکە ئێستا بۆتە ئالاٌ و رەمز و شانازی کوردایەتی، ئیتر ژیان و گوزەرانی خەڵکی، بەرژەوەندی و خواستەکانی خەڵکی نەك هیچ کات بەلای کوردپەروەانەوە جێگاو رێزی نەبووە بەڵکو هەمیشە قوربانی موقەدەساتەکانیان بووە.

ناسیۆنالستی کوردی بە هەموو رێکخراو و رابەران و شەخسیاتی سیاسی و رۆشنفکرانیەوە لە بەرامبەر هێرشی دەوڵەتی ئەمریکا بۆ سەر عێراق وەك درێژەی خەباتی چەند سالەیان ئەم جارەش هەڵویستی نا ئینسانیان تۆمارکردو ئاسۆی بزوتنەوەی کوردایەتیان گرێدایەوە بە بەرژەوەندیە سیاسیەکانی شەرخوازانەی دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە جیهان و ناوچەکەدا، ئاسۆی بزوتنەوەکەیان گرێدا بە وێرانکردنی بنەما کۆمۆلایەتیەکان و کوشتنی بە کۆمەڵی خەڵکی عیراق، خۆیان داوەتە بەر لافاوی شەر و بالاٌدەستی ئەمریکا لە ناوچەکەدا و لە چاوەروانیەکی نادیاردا خۆیان راگرتووە بە هیوان لە ناو مەئەساتەکانی شەر و گەورەترین زیانی بەشەریدا بەڵکو ئەمانیش تەعریفێك بکرێن و دەستکەوتکیان هەبێت.

رێکەوتنی دەوڵەتی ئەمریکا و دەوڵەتی تورکیا لەسەر شەری عێراق و نەخشە و دەخالەتیان لە عێراق و کوردستاندا جارێکی تر تەجروبەی شکستێکی تری کوردایەتی دا بە کوێیاندا و هیوای ناسیۆنالستی کوردی لەرزانن، بەلام ئەوین و خۆشەویستی و خۆش خەیالی یەکێتی و پارتی و باقی حیزبەکانی تری کوردایەتی بە دەوڵەتی ئەمریکا ئەوندە قایمە، خۆیان رادەگرن و چاوەروانی ئەم سیناریۆیەش دەکەن تا ئەگەر ئاکامەکەی گەورەترین تراژیدیای بۆ خەلکی کوردستانیش لیێ بکەویتەوە.

یەکیتی و پارتی توانیان ١٢سال کوردستان لە مەترسی جیابونەوە و دەوڵەتی سەربەخۆ بپارێزین، توانیان ریگە نەدەن بە جەماوەری ئازادی خوازی کوردستان دەوری هەبێت لە دیاری کردنی چارەنوسی خۆیدا و دەخالەتی راستەوخۆ بکات لە دەسەلاٌتی سیاسیدا، توانیان یاساکانی حکومەتی بەعس وەك خۆی راگرن و جیێبەجیێ بکەن، بە هەموو توانیان هەرچی خزمەتە بە دەوڵەتی ئەمریکا و دەولەتانی ناوچەکەیە ئەنجامیاندا، وە تا ئێساش بەو پەری دڵسۆزیەوە بەردەوامی بەجیێگەیاندنی ئەو ئەرکانە ئەدەن، هەر بۆیە بە هەقی خۆیان دەزانن لە دەوڵەتی ئەمریکا و دەوڵەتی تورکیا بپارێنەوە گەر ئمکان هەیە لە کاتی هێرشی هاوبەشی سوپای ئەمریکا و تورکیا بۆ سەر عیراق، کاریکی وا نەکەرێت بە یەکێتی و پارتی کە لەوە زیاتر ریسوایان کەن و لە بەرچاوی خەلکی کوردستان بیان شکێنن، چونکە مانەوەیان بە هەر شێوەیەك کە ئەمریکا و تورکیا پییان باشە، بە مەرجیێ زال بونیان بە سەر خەلکی کوردستاندا بۆ دابین بکەن، ئەتوانن خزمەتی زیاتر بکەن بە ئایندەی نەخشە و سیاسەتەکانی دەولەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا.

خەڵکی کوردستان هیچ چارەیەکیان نیەیە تا لەم شانۆگەری و گالتەجاریانەی ناسیۆنالستی کورد رزگاریان بێت، جگە لە تاقی کردنەوەی خەباتی هێزی یەکگرتووی جەماوەری ئازادی خواز و پەیوەست بونیان بە ریزی نارەزایەتی ١٠ملیۆنی جەماوەری لە جیهاندا بە دژی شەری ئەمریکا، رزگاری خەلکی کریکار و زەحمەتکیش و ئازادی خوازی عیراق و کوردستان ئێستا شکستی نەخشەکانی دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەتی لە ناوچەکەدا، بە فراوانکردنی ریزی بەرینی نارەزایەتی و هەلسانی جەماوەریە بۆ پاشەکشەکردن بە هیزەکانی ئەمریکا و تورکیا لە ناوچەکەدا.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣